ژمارە:124

بەروار:2023/2/26

**سەرۆکی کۆمیسیاران کۆبوونەوەی شەشەمی ئەنجام دەدات.**

**بەڕێوەبەری هەرێمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (IFES) سەردانی کۆمیسیۆن دەکات و لە گەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دیدار دەکات .**

**ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەردەوامن لە بەدواداچونەوەی مەیدانی بۆ ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان .**

**کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان زیاتر لە کۆی 600.000 کارتی دەنگدان لە کاردەخات .**

**کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان پێشوازی دەکات لە لەدایکبووانی 2005 بۆ سەردانی کردنی نزیکترین ناوەندی تۆمارکردن بۆ ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری.**

**ووتەی هەفتانە**

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەی ئەنجامدا لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ، لە کۆبوونەوەی ئاسایی شەشەم لە بەرواری (2023/2/21) بۆ کفتوگۆکردنی بابەتە دانراوەکان لە خشتەی کارەکان ، ولە ئەوانە گفتوگۆکردنی کاندیدەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وئەنجومەنی نوێنەران بۆ ساڵانی پێشوو ، بۆ پوچەڵ کردنەوەی پەسەندکردنی کاندیدکردنی ئەوانەی بەرپرسی سزاری دادگا لەسەریانە بە پێی نووسراوی فەرمی هاتوو لە کۆمیسیۆن لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

بۆ گەشەکردنی کاری کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان ، ئەنجومەنی کۆمیساران بەبێ وچان کاردەکات بۆ پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ پاڵ پشتی کردنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق ، لە بەر ئەوە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران گفتوگۆی کرد لە گەڵ بەرێوبەری هەرێمی دەزگای نێودەوڵەتی بۆ سیستمی هەڵبژاردنەکان (IFES) دەربارەی میکانزمی گەشەکردنی کارەکان لە سەر ئاستی دەزگاکە ، بە شێوەیەك بگونجێت لە گەڵ کارەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە لایەنەکانی کارگێڕی وهونەریەوە ، لە ڕێگای هاوبشکردنی بەشداری کار بۆ قۆناغەکانی داهاتوو .

هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان گرنگی دەدات بە بەردەوامبوونی پەیوەندی کردنی لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ورێکخراوە ناحکومیەکان لە ئەم بارەوە ، لە بەرگرنگی وەرکشۆپەکە بۆ زیاترکردنەوەی متمانەی دەنگدەران وهاندانیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان ، لە بەر ئەوە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە گەڵ هاوپەیمانیەکانی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە عێراق لێکۆڵینەوەی کرد لە دۆزینەوەی ئەو بیروڕانەی کەوا دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ئامانجی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو .

ولە چوارچێوەی بەدواداچونەوەی مەیدانی ، ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێوەبەرەگشتیەکان ، وبەرێوەبەرِی بەشە تایبەتەکان ، لە ئۆفیسی بەسرە وکەربلای پیرۆز بۆ هەڵبژاردنەکان ، بە مەبەستی بەدواداچونەوە کردنی کارەکانیان وهەڵسەنگاندنی هونەری وکارگێری ، وئاشنابوون لە مەودای پابەندبوون بە رێنماییەکانی دەرچوو لە لایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە ، وێرای بەدواداچونەوەی رێژەی ئەنجامەکانی هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەر .

**لە بارەیەکی پەیوەندیدارەوە ، سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان وجێگری کاروباری هونەری ، وکاروباری کارگێڕی ودارایی بۆ بەدواداچوونەوەکردن وهەڵسەنگاندنی کارەکان لە ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان وناوەندەکانی تۆمارکردنی کەوا بڵاوکراوەتەوە لە چوارچێوەی عێراق بۆ بەڕێوەچوونەوەی کارەکان وراستکردنەوەی کاری هەڵەکانی لە پلانی ساڵانەیی دانراوە، بۆ پاراستن تەندرووستی ژینگەی کار لە هەموو دەزگاکانی تایبەت بە کۆمیسیۆن .**

**هەروەها بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دەربارەی کەلوپەلەکانی هەڵبژاردنەکان کەوا لە کار کەوتوە وبەکارنایەت ، لە بەر ئەوە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵدستا بە ئەنجامدانی دووبارە سازکردنی پەڕاو وفۆرمەکانی بەکارهێنراوە وبەکارنەهێراوە بە هاوکاری لە گەڵ وەزارەتی پیشەسازی وکانزی لە (11) ئۆفیسی ، بۆ سوود وەرگرتن لە ئەم پەراوانە ، هەروەها کۆمیسۆن ئەم پاروانەی پاراستوە پێشتر بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، بۆ ئامادەکاری کار لە گەڵ ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان ، هەروەها زیاتر لە 600.000 کارتی دەنگدەری کورتە خایەن لە کارکەوتووە کەوا لە رۆژی دەنگدان راکێشراوە لە دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی 2021 پاش کۆکردنەوەیان ، وبەریکەوتن لە گەڵ ئۆفیسی پارێزگای هەڵبژاردنەکان .**

**لە لایەنی تۆماری بایۆمەتریەوە ، ئۆفیسی پارێزگاکان بەردەوامە لە ریکەوتنی کار لە گەڵ لایەنە پاڵپشتەکان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ بڵاوکردنەوەی تیمی گەرۆك بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران بە شێوەیەکی بایۆمەتری ، ولە ئەوانە لەدایکبووی 2005 ، لە گەڵ بەردەوامبوونی ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی پارێزگاکان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ڕاگەیاندن لە ریگای بڵاوکردنەوەی نامەی ڕاگەیاندن لە ئامەرازەکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر ، هەروەها ژمارەیەك لە ئامەرازی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی ، وئامەرازەکانی ڕاگەیاندنی خۆماڵی جیاواز لە پارێزگاکان ، لە ئەنجامەکی بوو بە تۆمارکردنی (599.381) دەنگدەر ، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن (848.059)کارتی بایۆمەتری دابەشکردوە ، پێکهاتووە لە (246.408) کارتی دەنگدانی گشتی ، و (552.520) کارتی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان و هێزی چەکدار ، هەورووەها کارتی ئاوارەکان وڕاگوێزراوان گەیشتوەتە (49.131) کارت بەئامادەبوونی چەندین لە چاودێرەکانی خۆماڵی وبریکاری حزبە سیاسیەکان ، هەروەها بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بە باری هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی (ڕاپۆرتی پرۆسەیی کۆکراوە بکەن) لە ریگای ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان** .https://ihec.iq/biometric-registration

**هەروەها کۆمیسیۆن لە سەر ماڵپەڕی فەرمیەوە ناو وناونیشانەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردن بڵاوکردوەتەوە بۆ ئاسان کردنەوەی کار بۆ دەنگدەران بتوانن بگەنە ناوەندەکانی تۆمار کەوا نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونیانە لە ریگای ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆن** .https://ihec.iq/find-your-polling-center/

**هەروەها لە بەش وهۆبەکانی کۆمیسیۆن لە ئۆفیسی نیشتیمانی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان کاردەکەن لە سەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردنەکان لە ریگای نەدوەی رۆشنبیری وبەرنامەی ڕاهێنانی بەردەوام بە هاوکاری دەزگا حکومیەکان ، هەروەها ناردنی تیمیەکی تایبەت بۆ رۆشنبیرکردن لە سەر تۆماری بایۆمەتری وگرنگی وەگرتنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری ، وێڕای بەشداریکردن لە تیمی بەتواناکردنی ئافرەتان لە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان لە ئەم باریەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەیشتن یبە یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەز وکاریگەری لەسەر ژیانی سیاسیەوە ، ولە گەڵ ئەوەدا تیمی گەرۆك لە گەڵ ئەم تیمانە دەبێت بۆ تۆمارکردنی بایۆمەتری بۆ ئەو کارمەندانەی کەوا تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام نەداوە .**

**ووتەبێژی ڕاگەیاندن**